# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

**15 Nov. 2018 No. [20]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**

تێپەڕینی سەد ساڵ بەسەر جەنگی جیهانی یەکەمدا، دکتۆر مەریوان قانع ل1

پاسۆک و فیلمی کارتۆنی منداڵان: یادەوەرییەکی خۆش بۆ مێژوو.
بەختیاری شەمەیی ل 2

وەرزەکانی ساڵ چۆن وە بۆچی دروست دەبن لەسەر ڕووی گۆی زەوی....؟
لوقمان حەویز- تێکساس .... ل3

کورە گەنجەکان مردن - گەشتێکی ڕۆژنامەوانی بەرەو گەوهەری دۆزی
کورد لە تورکیا.... دکتۆر جەبار قادر 4

شێوەکار کاروان حاجی کەریم: ل 8



KURDISH DIASPORA


سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

15 November 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
20 ژمارە
ساڵی یەکەم 15 نۆڤیمبەری 2018

# تێپەڕینی سەد ساڵ بەسەر جەنگی جیهانی یەکەمدا




وێنەکە: وێنەی ئەو واگۆنەی، کە ڕێکەوتنی کۆتایی جەنگەکەی تێدا ئیمزاکرا.

ڕۆژی ١١ نۆڤێمبەر، سەد ساڵ بەسەر کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا تێدەپەڕێت. جەنگێک کە زیانێکی گیانیی و ماڵی گەورەی بە بەشێکی گەورەی دونیا گەیاند. لەناو ئەوروپا و لە دەرەوەی ئەوروپادا. لەو ناوچەیەی ئێمەدا دەبێتە هۆکاری ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، هاتنی کۆلۆنیالیزم و دروستکردنی دەوڵەتیی–نەوەیی مۆدێرن لەناوچەکەدا، هاوکات دەبێتە سەرەتای دروستبوونی بزوتنەوە دژە کۆلۆنیالیزم و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم و هاتنەکایەی ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی تری سەدەی بیستەم لە ناوچەکەدا، لە ناویاندا لیبرالیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئیسلامیزم و بەشێوەیەکی زۆر کەمتر فاشیزم.
لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ژمارەیەکی هێجگار گەورە لە سەرباز و کەسانی مەدەنی کوژران. جەنگە بەسەریەکەوە ٤ ساڵ و ٣ مانگی خایاندا، بەڵام لەو ماوەیەدا نزیکەی ١٠ ملیۆن سەرباز و ١٠ ملیۆن خەڵکی مەدەنیی کوژران. چەندەها شاری گەورە لەناو ئەوروپا خۆیدا بەتەواوی وێرانکران، ژمارەیەکی زۆری خەڵک بریندار و بێماڵ و بێجێگا بوون. دوای جەنگەکەش پەتایەکی گەورە بەناوی "پەتای ئیسپانیی"ەوە بە ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە کە بەسەریەکەوە نزیکەی ٢٠ ملیۆن مرۆڤ دەکوژێت، ئەم پەتایە بە گەورەترین پەتای ناو مێژوو دەزانرێت و بەقەد ژمارەی کوژراوەکانی جەنگەکە خەڵک دەکوژێت. ئەو هێزە ئەمریکاییانەش کە هاتبوون بۆ هاریکاریی ەئوروپییەکان، ١٠٠ هەزار کەسیان لێ مرد، نیوەیان بەو پەتا ئیسپانییە مردن. بە کورتییەکەی لەماوەی چەندساڵێکی کەمدا جەنگ و پەتا نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ ملیۆن مرۆڤ دەکوژن.
ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی کۆتاییهێان بە جەنگەکە لەناو واگۆنی شەمەدەفەرێکدا بوو لە دارستانێکدا پەنجا کیلۆمەتر لە دەرەوەی پاریس دا. دواتر فەرنسییەکان مۆزەخنایەکی تایبەتیان بەدەوری ئەو واگۆنەدا دروستکرد وەک سیمبۆلی سەرکەوتنی خۆیان بەسەر ئەڵمانییەکان و سوکایەتیکردن بە داگیرکەرە ئەڵمانایەکە هێشتەوە. لەو ڕێکەوتننامەیەدا ئەڵمانییەکان ناچاردەکرێن پارەیەکی هێجگار زۆر بە فەرەنسا و بریتانیا و زیانلێکەوتوەکانی تری جەنگەکە بدەن، دواهەمین پشکی ئەو پارەیەی ئەڵمانیا بە فەرەنسای ئەدات لە ساڵی ٢٠١٠ کۆتاییپێدێت. ئەو مەرجانەی براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بەسەر ئەلمانیادا دەیسەپێنن هێندە قورس و ئیهانەکەر بوو، گەرای بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووهەمی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو. کاتێکیش جەنگی جیهانی دووهەم دەستپێدەکات و هیتلەر لە ماوەیەکی کەمدا فەرەنسا داگیردەکات. لەناو هەمان واگۆندا کە مەرجە قورسەکان بەسەر ئەڵمانیادا دەسەپێنرێت، فەرەنسییەکان ناچاردەکت تەسلیمبوونی خۆیان بە ئەڵمانیا ئیمزابکەن. وەکچۆن فەرەنسییەکان لەناو ئەو واگۆنەدا سوکایەتیی بە ئەڵمانیا دەکەن، بەهەمانشێوە ئەڵماناکان لەناو هەمان واگۆندا هەمان سوکایەتیی بە فەرەنسا دەکەنەوە. کاتێکیش ئەڵمنیا لەوە نزیکدەبێتەوە جەنگی جیهانی دووهەمیش بدۆڕێنێت، هیتلەر ئەمر بە چەند ئەفسەرێک لە ئەفسەرە نزیکەکانی خۆی دەکات کە بچن واگۆنەکە وێرانبکەن، نەکو سەرلەنوێ بەکاربهێنرێتەوە بۆ سوکایەتیکردن بە ئەڵمانەکان. جەنگی جیهانیی یەکەم بۆ میلەتی ئێمە دوو دەرەنجامی زۆر سەرەکیی و تراژیدیی هەبوو. یەکەمیان "بەکەمینەکرنی کورد" بوو لەناو چوار دەوڵەتی تازە دروستکراوی ناوچەکەد، بە ئینگلزیی minoritization. دووهەمیان بە "ئاسایشکردنی" مەسەلەی کورد، واتە کورتکردنەوەی مەسەلەی میلەتێک بۆ کێشەیەکی ئەمنیی و مامەڵەکردنی وەک هەڕشەی ئەمنیی، بە ئینگلزیی Securitization. ئەم دوو پرۆسە تازەیە ژێرخانی ئەو مێژووە خوێناویی و ترسناکەیە کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە مێژووی ئێمەی تێکەوتوە. **دکتۆر مەریوان قانع**

داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندوەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

## پاسۆک و فیلمی کارتۆنی منداڵان:

## یادەوەرییەکی خۆش بۆ مێژوو....بەختیاری شەمەیی



ساڵی ١٩٧٩ بارەگای (پاسۆک) لە گوندی (شێنێ) بوو، شێنێ یەکێک بوو لەو گوندە نەگوازراوانەی سەر سنوری فەرمیی عێراق و ئێران. شێنێ سروشتێکی شاخاویی زۆر سەخت و زۆر جوانی هەبوو, پڕ لە باخ و بێستان و کانیاو بوو. خەڵکەکەیشی زۆر پاک و دڵسۆز بوون و زۆر دڵسۆزی پێشمەرگە و شۆڕش بوون.

ئێمەیش، هاوبیرانی پاسۆک، دوو خانوی چۆڵکراومان خاوێن کردبوەوە و کردبوومانە بە بارەگای خۆمان. لە شێنێ جگە لە ئێمە بارەگای زۆربەی پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لێبوو، ماڵی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێینی لە پشتی بارەگاکەی ئێمەوە بوون. بارگای پاسۆک بە گوتەی د. قاسملۆی نەمر، بوو بوو بە (بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان)، زۆربەی کۆبوونەوەکانی ڕێکەوتن و هەوڵی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی هەموو پارت و ڕێکخراوە ناکۆک و دژبەیەکەکانی ئەو سەردەمە، هەموویان لە بارەگای پاسۆک ئەنجام دەدران. بەکورتییەکەی بارەگای هاوبیرانی پاسۆک کراوە بوو، بۆ هەموو کەس و لایەنێک. لە شێنێ هاتوچۆ و میوانداری لەنێوان پێشمەرگەی هەموو لایەنەکاندا هەبوو. بارەگای پاسۆک بەردەوام بەو توانا مادیی و مرۆڤییە کەمەی کە هەمانبوو، بەڵام هەمیشە پڕ لە میوان بوو. هەموو پێشمەرگە و کەسایەتی و لایەنەکان بارەگای پاسۆکیان بە ماڵی خۆیان دەزانی.

تاکە بارەگای پێشمەرگەی کوردستانیش بوو، کە ئاڵای پیرۆزی کوردستانی تێدا هەڵکرابوو. ئەمە بۆ مێژوو دەبێت باس بکرێت، کە ئەو دەمە هەموو لایەنەکانی دیکەی کوردستان، دژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بوون، پیشاندان و بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان بە شۆڤینیزم و ڕەگەزپەرستی و جیابوونەوەخوازی دەزانی!؟ بەڵام ئاڵای کوردستان لای هاوبیرانی پاسۆک یەکێک بوو، لە هەرە هێما پیرۆزەکانی کورد و کوردستان، پاسۆک، بە ژمارە کەم بوون، بەڵام لە هەرەشە و گلەیی و گاڵتەپێکرن، بێباک بوون و ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بەسەر بارەگای پاسۆکەوە هەردەم بە سەربەرزی و ئازادی دەشاکایەوە. ئەم پێشەکییە پێویست بوو، بۆئەوەی بابەتێکی گرنگتان بۆ بگێڕمەوە کە ئەمەیە: شەوێکیان هاوڕێیانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان-کملک، میوانی ئێمە بوون. لە ڕاستیدا هاوڕێیانی کۆمەڵە زوو زوو سەردانیان دەکردین و نێوانمان باش و خۆش بوو. لەو میوانیداری و دانیشتنانەدا، بەگشتی باسی هەموو بابەتێک دەکرا. لە یەکێ لەو دانیشتن و میواندارییانەدا، هاوبیری نەمر، کاکە فەرهاد خەفافی گیانبەخشیو، باسی پێویستبوونی بە کوردی کردنی فیلمی کارتۆنی بۆ منداڵانی بە کورد و کوردستان کرد و زۆر بە پێویست و گرنگ و پڕبایەخ بابەتەکەی باس دەکرد، بەڵام بەداخەوە هەموو میوانەکان کردیان بە پێکەنین و گاڵتە و گەپ و گوتیان ماڵتان ئاوا بێت، هاوبیرانی پاسۆک ئێوە هەموو شتێکتان هەر بە کوردی دەوێت و بەدەست ئێوە بێت هەموو شتێک ببێت بە کوردی! بەکورتییەکەی باسەکە بەو پێکەنین و گاڵتەو گەپە کۆتایی پێهێنرا. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: ئایا هاوبیرانی پاسۆک لەو سەردەمەشدا، لەو بێ توانایی و بەو ژمارە کەمەشەوە هەر ئاسۆی بیرکردنەوە و بیروباوەڕی کوردایەتییان فراوانتر نەبووە؟ تێگەیشتن و ڕەهەندی بیرکردنەوەیان پێشکەوتووتر و دووربینانەتر نەبووە؟ دڵسۆزتر و خەمخۆرتر نەبوون، بۆ پەروەردە و ژیانی داهاتووی منداڵانی کورد و کوردستان؟ بەڵام خۆشبەختانە، ئەمڕۆ هەموو لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، دامودەزگەی گەورە و شوێنکار و ستۆدیۆی پێشکەوتوویان بۆ بەرهەمهێنان و دۆبلاژکردنی فیلمی کارتۆنی منداڵان دامەزراندووە و بە سەدان کارمەند و بە دەیان هونەرمەند و شێوەکار و هونەرپیشە، لەم بووارەدا کار و خزمەت دەکەن و بووەتە پیشە و سەرچاوەی ژیانیان.

بە میلۆنان دۆلار بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە خەرج دەکەن و ڕۆژانە لە کەناڵە تیڤییەکانیانەوە پەخشی ئەو فیلمی کارتۆنی کوردییە دەکەن، کە ئەو سەردەمە، جگە لە هاوبیرانی پاسۆک، هەموویان بە خەیاڵ و شۆڤینیزم و ڕەگەزپەرستییان دەزانی و گاڵتە و پێکەنینان پێی دەهات!؟.

ئیتر هەموو لایەکتان سەرکەوتووبن... هەر بۆ پێشەوە.

---

سەرنج:


وەک بڵاوکراوەی تاراوگە ڕێگە بە نوسین و گوتاری حیزبی و بانگەشە بۆ پارتەکان بڵاوناکەینەوە، بەڵام نوسینەوەی بیرەوەری نوسەرەکەی بێ تەشهیر ئازادە، چی دەنوسێ.


### تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگادارییەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# وەرزەکانی ساڵ چۆن وە بۆچی دروست دەبن لەسەر رووی گۆی زەوی....؟

لوقمان حەویز- تێکساس



زۆر بەکورتی و سادەیی:

هەموو دەزانین کە گۆی زەوی لەماوەی ساڵێکدا خولێک بەدەوری خۆر تەواو دەکات، لەماوەی ئەو ساڵەدا وەرزەکانیش دروست دەبن لە ناوچە جیاوازەکانی سەر رووی گۆی زەوی...

بەڵام هۆکاری دروستبوونی ئەو وەرزانە چیە؟


بە کورتی هۆکارەکە بوونی گۆشەیەکی لارە، لەتەوەری سوڕانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆیدا... گۆی زەوی لەکاتی سوڕانەوەی بەدەوری خۆیدا بەبەردەوامی لەسەر تەوەرێکی لاردا دەسوڕێتەوە بەبەراورد بەخولگەی سوڕانەوەکەی بەدەوری خۆر هەروەکو لە ڤیدیۆکەشدا دیارە...

پێوانەی گۆشەی لاری تەوەری سوڕانەوەی گۆی زەوی بەدوری خۆیدا نزیکەی 23.5 پلەیە، ئەم لاریە وادەکات درێژی رۆژ لە ناوچە جیاوازەکانی گۆی زەوی بگۆڕێت بەدرێژایی ساڵ لەکاتی سوڕانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆر، واتە بڕی ئەو کات و ماوەیەی تیشکی خۆر کە دەردەکەوێت لە شەو و رۆژێکدا لە هەموو ناوچەکانی رووی زەوی بە بەردەوامی لە زۆربوون و کەمبوونەوەدایە، ئەو گۆڕانکاریەی رووەدات لە درێژبوونەوە یان کورتبوونەوەی ماوەی رۆژ و شەو دەبێتە هۆی دروستبوونی وەرزەکانی ساڵ...

بۆ نمونە لە نیوەی باکووری گۆی زەوی کە ئێمە لێی دەژین، بەهۆی ئەو لاریەی تەوەری سوڕانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆی و لەکاتی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆر لە چەند مانگێکی ساڵدا تیشکی خۆر ناگاتە چەقی جەمسەری باکووری گۆی زەوی، لەهەمان ئەو کاتەشدا لەناوچەکانی نیوەی باکوری گۆی زەوی رۆژ کورتتر و شەو درێژتر دەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی گەیشتنی وزەیەکی کەمتر لە خۆرەوە بەو ناوچانە بە بەراورد بە مانگەکانی تر و لە ئەنجامدا پلەی گەرما دادەبەزێت.

لەو چەند مانگە وەرزی زستان دروست دەبێت لە نیوەی باکوری گۆی زەوی، لەهەمان ئەو کاتەدا، پێچەوانەی ئەمە روودەدات لە نیوەی باشوری گۆی زەوی و ئەوێ بە وەرزی هاویندا تێدەپەڕێت...

وەرزی بەهار و پاییزیش لەوکاتانە روودەدەن، کە درێژی شەو و رۆژ یەکسان و نیمچە یەکسان دەبن لەناوچەکانی نیوەی باکوور و باشووری گۆی زەوی، کاتێک نیوەی باکووری گۆی زەوی بە وەرزی بەهاردا دەروات لەنێوان وەرزی زستان و هاوین لەهەمان ئەوکاتەدا نیوەی باشوور بە وەرزی پاییزدا تێدەپەڕێت...




بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/Lukman.Hawez/videos/2132852820079741/

زانیاریەکان و وێنەکانی ناو ڤیدۆیەکە هی ئاژانسی ناسایە، ڤیدیۆیەکەش لەلایەن ئەکادیمیای زانستی کالیفۆرنیا ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە...

# سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە
# "جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان"

پێش ئەوەی بچینە نێو باسەکەوە، سەرەتا بابزانین مانای جیۆئیکۆنۆمیک چی یە ؟ (جیۆئیکۆنۆمیک geoeconomics– چەمکێکی زانستی ئابووریە دەکۆڵێتەوە لە ستراتیژیەتی گەشەکردنی بارودۆخی ئابووری لە سەردەمی فرەجەمسەریدا بۆ دابینکردنی زیاتر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا.ستراتیژیەتی جیۆئیکۆنۆمیک – هونەری گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانە بە مێتۆدی ئابووری لە ڕێگەی دابەشکردنەوەی سەرچاوە سرووشتی و داراییەکانەوە ، بە واتایەکە تر جیۆئیکۆنۆمیک بریتییە لە شەڕی جیۆپۆلەتیک بە بێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ دەستبەسەراگرتنی (سەرچاوە سرووشتیەکان، بازاڕ، ڕاڕەوەکانی گواستنەوە، کۆمەنیکەیشن و ...هتد.) لە جیهاندا. چەمکی جیۆئیکۆنۆمیک لە دوو سەرچاوەی سەرەکیەوە ڕێچکەی گرتووە (ئابووری سیاسی کلاسیک و جیۆپۆلەتیک) ، بیرۆکەو ڕەگو ڕیشەی چەمکی جیۆئیکۆنۆمیکک لە لایەن بیرمەندانی بواری ئابووری ڕۆژئاواوە داهاتووە، بۆ یەکەم جار زاراوەی جیۆئیکۆنۆمیک لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست لە لایەن مێژوونوس و ئابووریناسی ئەمریکی (ئیدوارد نیکۆلا لیتواک Edward–Nicolae Luttwak) داهاتوە . ئەگەر جیۆپۆلەتیک وەک ڕێبازێکی زانستی بریتی بێت لە تاوتوێکردنی ڕەفتاری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە پێناوی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکان ، ئەوا جیۆئیکۆنۆمیک بریتییە لە چالاکی ئابووری لەسەر ئاستی جیهانی و نەتەوەیی و ناووچەیی و ناوخۆیی هاوشان لەگەڵ ڕێکخستنی سەرچاوەکان ، بەگەڕخستنی سەرمایە ، دۆزینەوەی بازاڕ، کاروباری دارایی و بازرگانی. ئەوەی جێگەی گومان نییە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا پشکی ئابووری و ئەقڵی ئابووری و جوگرافیای ئابووری بوونەتە بنەما سەرەکیەکانی بەڕێوەبردنی سیاسەت ، سەرجەم پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندییە ئابووریەکاندا ڕێگە دەگرن کە لە دابەشکردنی سەرچاوە سرووشتی و داراییەکاندا چڕبوونەتەوە. دیارە بڕیارە ستراتیژی و چارەنووس سازەکان سیاستەمەداران دەیدەن بەڵام ناتوانن لە بڕیارداندا ڕەچاوی پرس و بەرژەوەندییە ئابووریەکان نەکەن.ئەمریکا و ئەوروپا هەر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بایەخێکی زۆریان داوە بە چەمکی جیۆئیکۆنۆمیک ، چونکە ئاوێتەو هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانیادا کە بریتییە لە دەسەڵات و هەیمەنە بە سەر ئەم جیهانە پان و بەرینەدا بە بێ بەکارهێنانی هێزێکی سەربازی ئەوتۆ بەڵکو تەنها لە ڕێگەی ئابووریەوە، ئەنجامەکەشی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بوو لە شەڕی ساردا بەبێ خوێنڕشتن و بە بێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ، هەر دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت ڕوونتر دوای کۆتایی شەڕی ساردی جیهانی، گۆڕانێکی گەورە و خێرا لە هەموو ڕوویەکەوە سەراپای جیهانی گرتەوە، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکەیشەوە پێشکەووتنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندنی خێرا و ...هتد. گۆڕانکاریەکانی زیاتر خێراتر کردووە، بێگومان ئابووریش بەهەمان شێوە لە دۆخێکی گواستنەوەی خێرادایە لێرەدا جیۆئیکۆنۆمیک وەک چەمکێکی نوێی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری نێودەوڵەتی یارمەتیمان دەدات لەو گۆڕانکاریە گەورانە تێبگەین.ئابووری لە هەموو کات و سەردەمێکدا فاکتەری یەکلاکەرەوە بووە ، بۆیە لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکاریانەوە پێش گشت میللەتان پێویستە ئێمەی کورد زیاتر بیربکەینەوە یان میکانیزمی بیرکردنەوەمان بگۆڕین بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.. چی پێویستە یاخود چی بکەین بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و بەدەستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و دابینکردنی خۆشگووزەرانی بۆ خەڵکانی کوردستان؟ چی بکەین بۆ ئەوەی داواکاریەکانمان هاوتای پێداویستیەکانی سەردەم بێت؟؟؟هەروەک ئاماژەمان پێدا بنەما سەرەکیەکانی جیۆئیکۆنۆمیک بریتییە لە هونەری گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکان لە ڕێگەی ئابووریەوە . گومانی تێدا نیە هەر لە کۆنەوە جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان گرنگیی و بایەخی خۆی هەبووە ، بەڵام لەوە دەچێت خۆمان پێمان نەزانیبێت، ئەگەر باس لە جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان بکەین ئەوا دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتی بکەینەوە.

یەکەم:– شوێنگەی جوگرافیای کوردستان: کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، لە باکوورەوە هاوسنوورە، لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیادا، لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران و کەنداوی فارسی، لە ڕۆژهـــــەڵاتەوە لەگەڵ


دکتۆر نەهرۆ عەلی
سەرۆکی ئینستیتوتی گەشەی وڵات
بۆ لێکۆڵینەوەی ئابوری و دارایی

ئازەربایجان و ئێران، لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ عێراق و سوریادا. درێژایی خاکی کوردستان نزیکەی (1300) کیلۆمەترەو پانتاییەکەشی نزیکەی (600) کیلۆمەترە، دەورو پشتی خاکی کوردستان بە ، زەریای خەزەر و ڕەش و ناوەڕاست و سوور و کەنداوی عەرەبی و کەنداوی ئەسکەندەرۆنە گیراوە. خاکی کوردستان بەشێک لە ڕێگەی زەمینی و ئاسمانی وڵاتانی ئەوروپا لە لایەکەوە و دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە لایەکی دیکەوە پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە جگە لە بوونی کەش و هەوایەکی گونجاو و مامناوەند بەهۆی ئەوەی کە کەوتۆتە نێوان هێڵی پانی (30،61–40،9) باکوورەوە.

دووەم:–سەرچاوە سرووشتیەکان:– کوردستان بۆخۆی لە ئاودا دەوڵەمەندە و بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا هەژمار دەکرێت. بۆ نموونە، درێژایی ڕووباری فورات بریتییە لە (2800) کیلۆمەتر، نزیکەی (2170) کیلۆمەتری بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت ، ئەمە جگە لە بوونی ئاوێکی زۆری ژێر زەوی ، جگە لەمەش خاکی کوردستان بە کانزا جۆراوجۆرەکان دەوڵەمەندە وەک نەوت و گازی سرووشتی و کانزاکانی تری وەک: (ئاسن، کرۆم، زەڕنیخ، لیگنیت، مەنگەنیز، گۆگرد، ڕەساس، فۆسفات، یۆرانیۆم...). لە بەر ڕۆشنایی خاڵەکانی سەروەدا، دەتوانین بڵێین کە هەڵکەوتی جوگرافیی و سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی پێگەی جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستانیان بەهێزکردوە. دیارە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیەوە نەمانتوانیوە ، سوود لە پێگەی جیۆئیکۆنۆمیکی خۆمان وەربگرین بەڵام ئەوا زیاد لە چارەکە سەدەیەکە لە باشووری کوردستان دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆمان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست نەتوانراوە نە سودی لێوەربگیرێت، نەلەپێناوی سەربەخۆیی تەواوەتیدا بەکاربهێنرێت؟ بە بۆچوونی من لە ڕێگەی سیاسەتێکی نەتەوایەتی دڵسۆزانەو دووربین و پراگماتیکیدا دەتوانرێت سود لە جیۆئیکۆنۆمیکی کوردستان وەربگیرێت، لە چوارچێوەی فەلسەفەو پرەنسیپی (بەرامبەر بەرژەوەندییە ئابووریەکان، بەرژەوەندی سیاسی و دەوڵەتی کوردی).

# 200 ەمین ساڵڕۆژی پایسکل!...بەر لە 200 ساڵ(کارل فرایهێر فۆن درایس) یەکەم دووتایەی داهێنا

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: موزەفەر عەزیز





هەر بەوهۆیەشەوە بوو توانرا پاشترئۆتۆمۆمبیل دروست بکرێت، کەچی ڕۆژانە لەکاتی سوڕانەوە و لادان لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا، بەردەوام پایسکل سوار و شوفێرەکان رووبەرووی یەکتر دەبنەوە و بەنەیاری یەکتر هەژماردەکرێن! کەچی لە سەرەتا هەردووکیان سەربەیەکن ولەیەک خێزانن: گەر دۆزینەوەی پایسکل نەبوایە، ئەوا کەس بیری بۆ ماشێن هەر نەدەچوو، بۆیەشە زانایان لەئوتومبێل بەگرنگتری دەزانن، (یەکەم دووتایە دێت، ئینجا ماشێن(بە وتەی تۆماس کۆشە) لەمۆزەخانەی تەکنیکی لەمانهایم، بۆ ئەم مەبەستەش پێشانگایەک لە ژێر ناوی (دوو چەرخە- 200ساڵ. فرایهێر درایس ومێژووی پایسکل)لەرۆژی 11.11ەوە لەمانهایم کراوەتەوە.بیرۆکەکە لە 12یونی 1817لەلایەن (کارل فرایهێر فۆن درایس )ەوە هاتۆتەئارا، لەمانهایم بەرەو شفیتزینگن چووە،ئەوکات ئەوێندەر باشترین وپانترین جادەبوەو دیمەنێکی سەیری هەبووە،دوو ڕەوڕەوەی لەداردروستکراوی بەدوای یەکدا هاتوو، خۆشی لەنێوانیاندا پێی لەزەوی دەداو ئاراستەی بۆپێشەوە دەبرد،شتێکی دەگمەن،گەر بەچاوی ئەمڕۆکە سەیری ئەو ئامێرە بکەین،کەچۆن کارل ئەوسا رێی دەکرد،ئەوا نیمچەپێکەنینێک دەمانگرێت!چونکە ئەوێ رۆژێ پیاوێکی گەورەو تەواو بەسەر ئامرازێکەوەبوە،کەئەمڕۆ منداڵان بۆ ڕاهێنانی هاوسەنگیی خۆیان بەکاری دەهێنن،ڕەوڕەوەیەکی خولاوە کەبیرۆکەکەی وەک شۆڕشێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟دواتر بوە بە هەوێنی کارگەی ماشێنی ئاودی وبی ئێم ڤێ و بەهۆی (کارل)ەوە (کارل بێنز)و (گۆتلیب دایملەر)و هەندێ دامەزرێنەری تر سەریانهەڵداوە،هەمووشی بیرۆکەی دانانی دوو تایەبوە بەدوای یەکەوە لەباتی ئەوەی لەتەنیشت یەکەوەبن!ئەمە شۆڕشەکە بوو! برسیەتی وشەڕی ناپلیۆن لەوسەردەمەدا ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ لەدایکبوونی بیرۆکەکە،چونکە نرخ هەڵکشانی بەخۆیەوە دیوە، بەهۆی گڕکانی تامبۆرای ساڵی 1815لە ئەندەنووسیاش کەبەساڵی بێ هاوین دەناسرێت وئەو تەقینەوەیەی ئەوێ ژینگەی خۆڵەمێشاوی کردبوو،ئیتر بێ بەرهەمی وقات وقڕی باڵی بەسەر تەواوی جیهاندا کێشابوو،خەڵک برسی بوو وڵاخداری وبەخێوکردنی ئاژەڵان لەجاران گرانتربوون،ئا لەودەمانەدا بوو کە درایس بیرۆکەکەی پەخشکرد،شیاوی باسە هەرسەردەمێک پێداویستی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێناوە،ئەوەتا دوای جەنگی جیهانی دووەمیش بەگەورەترین سەردەمی ئۆتۆمۆبیل دەژمێردرێت،ئێستا ئەو دوو خزمە نزیکەی یەک،وەک پێداویستییەکی بایەخدار کە زۆرترین پارەی تێداخەرج دەکرێت بەکاردەهێنرێن،هەمووشی بەهۆی (فرایهێرن کارل فۆن درایس)ەوەیە،ناوی تەواوی (Karl Friedrich Christian Ludwig Freiherr Drais von (کارل فریدریش کریستیان لودڤیگ فرایهێر درایس فۆن زاوەربۆن)ە لە 29.04. 1785لە (کالسڕوە) لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و لە10.12.1851 هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە، ماوە بڵێین پێشانگاکە تا 25.06.2017 و دووسەدساڵەی ئەو یادە بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە (ڕۆژنامەی زودۆیچە).

## شیعرێکی فریدریش شڤارتس شاعیر و ئاوازدانەرێکی سیمفۆنیایی جوولەکەی نەمسایی






شیعری : فریدریش شڤارتس
لە ئەڵمانییەوە: عەبدولغەنی کاکۆ


من نیشتیمانم نییە
بێکەسم لەم دونیایە،
وڵات وڵات دەگەڕێم
لەکوێ سوکناییم دایە
بۆم نییە بەختەوەر بم
تیشکی هەتاو ناناسم
بۆ لەسەر ئەم زەمینە
ئاوا تەنیاو کەساسم؟
ئامانجی من دیار نییە
چیم نییە لەسەر زەمین
هۆبەو ڕەشماڵی منە
سایەقەی ئاسمانی شین
گەر بە خەیاڵ لەشوێنێ
ئارامیی پێ بزانم
دەبێ بارکەم بۆ ئەوێ
چونکە بێ نیشتیمانم

فریدریش شڤارتس (١٨٩٥–١٩٣٣)شاعیر و ئاوازدانەرێکی سیمفۆنیایی جوولەکەی نەمسایی بوو ئەم شیعرەی بۆ ئاوارەیی و سەرگەردانییەکانی جوولەکە نووسیوە کە تازە خەریک بوو دەکەوتنە بەر شاڵاوی ڕەگەزپەرستانەی نازییەکان.ئەم تێکستە کراوەتە گۆرانی و لەلایەن چەندین گۆرانیبێژەوە گوتراوەتەوە. شڤارتس ڕۆژێک دوای نووسینی ئەم تێکستە ڕۆژی ٢٣–٧–١٩٣٣بە مردوویی لە ژووری هۆتێلێکی پاریس دۆزرایەوە.

# کوڕە گەنجەکان مردن – گەشتێکی ڕۆژنامەوانی بەرەو گەوهەری دۆزی کورد لە تورکیا.... دکتۆر جەبار قادر




کوشتاری ڕۆبۆسکی: شەوی ٢٨ دیسەمبەر، واتا دوو سێ ڕۆژ بەر لەوەی ساڵی ٢٠١١ ماڵئاوایی بکات، لە نێوان کاتژمێر ٩:٣٩ و ١٠:٢٤ لە سەر سنورە دروستکراوەکانی عیراق و تورکیا کارەساتێکی دڵتەزین قەوما. کاروانی سی و هەشت کاراونچی مێردمناڵ و کوڕی گەنج، کە خەڵکی هەردوو گوندی ڕۆبۆسکی و بێجو بوون، کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا. بیست و حەوتیان یەکسەر لەو شوێنە شەهید کران، هەشتیشیان بە سەختی بریندار بوون، کە حەوتیان بەر لەوەی بگەیەنرێنەوە دێ لە ڕێگا ژیانیان لە دەستدا، ئەوی دیکەیان دوای ئەوەی بۆ چەند مانگێک لە نەخۆشخانە مایەوە چاکبووەوە. واتا لەو سی هەشت کاروانچییەی لەو ئێوارە سارد و تاریکەدا بە خۆیان و ڕەشەوڵاخەکانیانەوە ڕوویان لە سنوورەکان کرد بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان تەنها چواریان لە مەرگ ڕزگاریان بوو. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بە کارەساتی ڕۆبۆسکی ناوی دەرکرد، چونکە نزیکترین ئاوایی بۆ شوێنی کارەساتەکە ڕۆبۆسکییە . دەوروبەری نۆونیوی ئێوارە کاتێک گەیشتنەوە سەر سنور. کاروانچییەکان ببوون بە دوو بەشەوە. گروپی یەکەم ١٨ کەس بوون و لەو کاتەدا سنور پەڕبوونەوە بەرەو تورکیا، سەریان سووڕما لەوەی سوپا هەر سێ ڕێگەکەی داخستووە کە دەچوونەوە سەر ئاواییەکەیان. جاروبار یەکێک یا دوو لە ڕێگاکان دادەخران، بەڵام هەرسێکیان بەیەکەوە ڕووینەدابوو، بۆیە گەڕانەوە بۆ سەر سنور. لەو کاتەدا گوێیان لە تەق و تۆق بوو. نەیاندەزانی چی قەوماوە، بۆیە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتنا. لە ناکاو فڕۆکەی F16لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوون. گروپی یەکەم کە ١٨ کەس بوون کەوتنە بەر پەلاماری فڕۆکەکان، دوای پێنج خولەک بۆمبێکی دیکەیان تێگرتن و دوای بیست خولەکیش بۆمبی سێیەم، لە دەوروبەری کاتژمێر دە ونیویشدا دوا بۆمبیان بەسەردا بارانن. دانیشتوانی هەردوو ئاواییەکە کە گوێیان لە دەنگی فڕۆکە و بۆمباران بوو بەهەڵەداوان ڕوویان لە شوێنی ڕووداوەکە کرد، بەتانییەکی زۆریان لە گەڵ خۆیان برد، کاتێ لە سەربازەکانیان پرسی کوڕەکانیان بۆمباران دەکەن، پێیان ڕادەگەیەنن کە هیچی وا نیە تەنها بۆ ترساندنی چەکدارانە. کەس و کاری کاروانچییەکان دڵیان بەم قسانە ئاوی نەخواردەوە و هەوڵیاندا لە شوێنی ڕووداوەکە نزیک ببنەوە. ئۆتۆمبیلەکان تا دووری کیلۆمەترێک لە شوێنی ڕووداوەکە دەیانتوانی بڕۆن، لەوە بەولاوە لە بەر سەختیی ڕێگاکە نەیاندەتوانی بچنە پێشەوە. خەڵکەکە خۆیان گەیاندە شوێنەکە و لە گەورەیی کارەساتەکە گەیشتن. لە دەسپێکدا بریندارەکانیان لە بەتانییەوە پێچاو و هەوڵیاندا بیانگەیێننە ئۆتۆمبیلەکان بۆ ئەوەی بیانبەن بۆ ئاوایی. حەوتیان لە ڕێگە گیانیان لە دەستدا و تەنها حەسەنی حەڤدە ساڵ بە زیندوویی مایەوە و دوای ئەوەی چەند مانگێک لە نەخۆشخانە مایەوە چاکبووەوە. دوای ئەوە دەستکرا بە کۆکردنەوە ئێسک و پروسکی سوتاو و پەرش و بڵاوی مردووەکان کە هەموو تێکەڵ بە یەک ببوون و کەس نەیدەزانی کام پارچە هی کام لاشەیە و کام ئێسقان هی مرۆڤە و کامینا هی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخەکانە. ڕۆبۆسکی و بێجوش وەکو زۆربەی هەرە زۆری گوند و باژێڕەکانی دیکەی باکوری کوردستان ناوە کوردییەکانیان لە بەڵگە و دەکیومێنتە فەرمییەکانی دەوڵەتدا ڕەشکراونەتەوە و ناوی تورکییان بەسەردا سەپێنراوە. ڕۆبۆسکی کراوە بە ئۆرتەسو و بێجوش بووە بە گیولیازی، کە هەردووکیان دەکەونە دەڤەری قەلیبانەوە، ئەویش ناوی ئولودەرەی بە بەردا بڕا. ئەم دوو ئاواییە مێژوویەکی دوور و درێژیان نیە، بەڵکو لە نەوەدەکان دروست کران، کاتێ دانیشتوانیان بە هۆی شەڕ و شوڕەوە لە زێدی خۆیان هەڵکەنران. لێرە لە تەک خزم و ئەندامانی خێڵەکانیان ئەم دوو گوندەیان دروست کرد . کێشەی باسکردن و لێکۆڵینەوە لەم کارەساتە هەر لە ناوەکەیەوە دەسپێدەکات. دوو دەستەواژەی جیاواز بۆ هەمان کارەسات بەکاردەهێنرێن، هەڵبژاردنی هەر کامێشیان بۆ خۆی جۆرێکە لە هەڵوێست. ڕۆبۆسکی کراوە بە ئۆرتەسو و بێجوش بووە بە گیولیازی، کە هەردووکیان دەکەونە دەڤەری قەلیبانەوە، ئەویش ناوی ئولودەرەی بە بەردا بڕا. ئەم دوو ئاواییە مێژوویەکی دوور و درێژیان نیە، بەڵکو لە نەوەدەکان دروست کران، کاتێ دانیشتوانیان بە هۆی شەڕ و شوڕەوە لە زێدی خۆیان هەڵکەنران. لێرە لە تەک خزم و ئەندامانی خێڵەکانیان ئەم دوو گوندەیان دروست کرد . کێشەی باسکردن و لێکۆڵینەوە لەم کارەساتە هەر لە ناوەکەیەوە دەسپێدەکات. دوو دەستەواژەی جیاواز بۆ هەمان کارەسات بەکاردەهێنرێن، هەڵبژاردنی هەر کامێشیان بۆ خۆی جۆرێکە لە هەڵوێست. ئەوانەی لە وردەکارییان بە ئاگا نین وا دەزانن باس لە دوو ڕووداوی جیاواز دەکرێت. دەزگاکانی دەوڵەت و میدیای سەر بە دەوڵەت بە ڕووداوی ئولودەرە نێوی دەبەن، کە وەک ئاماژەمان پێکرد ناوە تورکییە سەپێنراوەکەیە بە سەر دەڤەری قەلیبانی کوردیدا، کە ڕۆبۆسکی و بێجو لە خۆ دەگرێت. ئەوانەی ناوە کوردییەکەش بەکاردێنن بە لایەنگرانی قوربانیان و بزاڤی کوردی دادەنرێن . دەزگاکانی دەوڵەت و میدیای لایەنگری زۆر هەڵیاندا وا لە خەڵک بگەیەنن کە ئەم کارەساتە بە هەڵە ڕوویداوە و فڕۆکەوانەکان وایان زانیوە ئەمانە گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستانن و دەیانەوێت سنوورەکان ببەزێنن بۆ ئەوەی کردەوەی دژ بە سوپای تورکیا ئەنجام بدەن.




بۆ ئەمەش لێژنەیەکی پارلەمانییان لە هەر چوار پارتەکەی نێو پارلەمان دروست کرد، کە هەر یەک لە پارتەکانی داد و گەشەپێدان، گەلی کۆماری، گەلانی دیموکرات و بزاڤی نەتەوەیی بە دوو ئەندام تێیدا بەشدار بوون. دوای ئەوەی ئەندامانی ئەو لێژنەیە بە وردی سەیری حەوت کاتژمێر ڤیدیۆی وێنەکانی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانیان کرد، زۆربەیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەو پاکانەیەی دەوڵەت هیچ بنەمایەکی نیە، هەرچەندە ڕێگە نەدرا ڕاپۆرتەکە بە تەواوی بڵاوبکرێتەوە. وێنەکان ئەوە دەردەخەن کە کاروانچییەکان، بە پێناسەی دەوڵەت قاچاخچییەکان، لە گەڵ ڕەشەوڵاخەکانیاندا گروپێکی زۆر گەورەیان پێکدەهێنا، لە کاتێکدا دەستەی گەریلاکان قەت بەو ژمارە زۆرە بەیەکەوە جموجوڵ ناکەن و هەمیشە لە نێوان هەشت بۆ دە شەڕڤان زیاتر نابن. هەروەها شێوازی جموجوڵی کاروانچییەکان زۆر جیاوازە لە هی شەڕڤانان، کە بە دیسپلین و یەک بە دووی یەکدا دەڕۆن، لە کاتێکدا وێنەکان دەریدەخەن کە هەندێ لە کاروانچییەکان سەد مەتر لە پێش ئەوانی دیکەوە بوون. لە هەمووی خراپتر لە کاتی بۆردومانەکەدا ئەم بێچارانە بەیەکدا دەچن و بۆ لای یەک ڕادەکەن و لە یەک کۆدبنەوە، لە کاتێکدا پارتیزان و شەڕڤان لە کاتی پەلاماری وادا بڵاوەی لێدەکەن و بۆ پەناگا دەگرێن بۆ ئەوەی کەمترین زیانیان لێ بکەوێت . کاروانچییەکان ئێوارەی ٢٨ دیسەمبەری ٢٠١١ بە خۆیان و هێسترەکانیانەوە بە ڕێ کەوتن بۆ ئەو دیوی سنور، کە لە سەر نەخشە فەرمییە جوگرافییەکاندا دەکاتە عیراق، بۆ هێنانی بەنزین و جگەرە. بارودۆخەکە ئاسایی بوو و هیچ شتێکی گوماناوی لە ئارادا نەبوو. لە ئەفسەرانی سوپاشەوە ئاگادار نەکراونەوە لە هیچ کردەوەیەکی سەربازی لە دەڤەرەکە. ئەفسەرانی بازگە سەربازییەکان لە کاتی جموجوڵی لەشکری و کردەوەی سەربازیدا پێیان ڕادەگەیاندن بۆ ئەوەی خۆیان بە دوور بگرن لەو شوێنانە. ئەم کارەی ئەفسەرانی سوپای داگیرکەر ئەوە دەگەنێت کە دەوڵەت بە وردی ئاگاداری ئەم بازرگانییەیە کە بە قاچاخ نێوی دەبات، چونکە دوای وێرانکردنی گوندەکانیان و ڕاگواستنی زۆرەملێیان دانیشتوانی ئەم ناوچانە سەرچاوەی دیکەی ژیانیان نەبوو، بۆیە بەناچاری چاوپۆشی لەم چالاکییە ئابوورییە دەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بازرگانییە سەرچاوەی خۆ دەوڵەمەند کردن و پارە پیداکردن بوو بۆ ئەفسەران و کاربەدەستانی سوپا لە دەڤەرەکە. ئەمانە خاوەیەکی زۆریان لەو کاروانچییە – قاچاخچییە بێدەرەتانانە وەردەگرت و وەردەگرن. ڕێگاکە تا دەگاتە سنوور تەنها شەش کیلۆمەترە، بەڵام تولەڕێیەکی سەختە کە لە زستاندا هەمیشە بەفر داپۆشیوە. لەو دیوی سنوریشەوە بە دووری دوو کیلۆمەتر لۆرییەکان بە باری بەنزین و جگەرەوە چاوەڕوان دەکەن. هاتن و چوونەکە تەنها دوو کاتژمێر دەخایێنێت. هەموو هێمای سنوورەکە بریتییە لە تاشەبەردێک کە نمرە ١٥ لە سەر نووسراوە، دیوێکی بەردەکە تورکیایە و دیوەکەی دیکەی دەبێتە عیراقە .!!! فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بوردومانی کاروانچییەکان دەکەن ٣٤ کەسیان دەکوژرێن، کە زۆریان ئەندامی هەمان خێزانن. ئەم گوندانە لە نەوەتەکان دروست بوون کاتێک سوپای تورکیا گوندەکانیان تێکدا و بەزۆر ڕایگواستن، لێرە لە تەک خزم و هۆزەکانیان ئەم گوندانەیان دروست کردو بۆ ژیانیش پشتیان بە هێنانی شمەک لە باشوری کوردستانەوە بەستووە. دەوری ئەم گوندانە بە مین چێنراون، ئەمەش بووە هۆی مردنی پێنج کەس و نوقسانکردنی بیست کەسی دیکە. ژمارەی ئەو ئاژەڵانەش نەزانراوە کە بوونەتە قوربانی کێڵگەکانی ئەم مینانە. کاروانچییەکان ئەم کارەی خۆیان بە قاچاخ نازانن، بەڵکو بە بازرگانی سەر سنوورەکان و کاروانی نێوان شارەکان ناودەبەن. ئەم خەڵکە قەت بە قاچاخ نێوی نابەن و دان بەو سنوورە دەستکردانەدا نانێن و باو باپیرانیان هەر ئەو کارەیان کردووە و خزم و کەس کاریان لە هەردوو دیوی سنوور دەژێن و تەنها سەرچاوەی ژیانیان ئەم بازرگانی و کاروانچێتییەیە. خەڵکی ئەم دەڤەرە بە درێژایی مێژوو لە گەڵ گوندەکانی ئەو بەردا بازرگانیان کردووە و تەنها لە سەدەی بیستەمدا سنور لە نێوان ئەمان و خزمەکانیان لە باشوری کوردستان پەیدا بووە، بەڵام قەت گوێیان بەو سنوورە دروستکردانە نەداوە. ئەمە دەردێکی گرانی کوردەوارییە کە کۆڵبەران لە نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو جەزرەبەیە بە دەستی سوپای پاسدار و کوردانی باکوریش بە دەستی جەندرمە و سوپای تورکیاوە دەیبینن، لە کاتێکدا بە تێگەیشتنی دروستی کورد ئەمانە بازرگانی لە نێوان خەڵکی یەک وڵاتدا دەکەن کە کوردستانە.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم زانیارییانە کتێبی خانمە ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی فریدریکە خێردینکە، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە تورکیا وەک پەیامنێر بۆ کۆمەڵێک ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی هۆڵەندی کار دەکات و کتێبەکە بەم ناونیشانەیە: کوڕ گەنجەکان مردن – گەشتێکی ڕۆژنامەوانی بەرەو گەوهەری دۆزی کورد لە تورکیا، ئەنتڤێرپن ٢٠١٤.

# چەند هەواڵێکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگـــە

## دیداری ڕۆژی فلمی کوردی لە ئەمستردام بەڕێوەچوو




ڕۆژی 10–11–2018 یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندا، لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیـــا" لە ئەمستردام، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کوردانی تاراوگەنشینی هۆڵەندا، دیداری ڕۆژی فلمی کوردی بەڕێوەچوو، کە تێیدا هونەرمەندی سینەماکار (دانا کەریم) لەسەردانێکی تایبەتدا بۆ ئەوروپا بە باشی زانی ئەم دیدارە لەگەڵ کۆچبەرانی کورد، لە ئەمستردام بۆ فلمی کوردیی ساز بکات.

لە دیدارەکەدا چوار کورتە فیلم نمایشکرا، لە بەرهەمهێنانی سینەماکارانی باشوری کوردستان، کە بریتی بوون لە فیلمی (لە گۆڕستان) دەرهێنانی کامەران جەمال، فیلمی (تا ئەبەد بێ دەنگ)، دەرهێنانی ئاوات عوسمان، فیلمی (پێکەنین و بیرچونەوە)، دەرهێنانی هەوراز محەمەد و فیلمی (دورگەی مرواری)، لە دەرهێنانی دانا کەریم.

مەبەستی دیدارەکە ناساندنی بەرهەمی سینەمایی هونەرمەندانی کوردە، لە بواری کاری سینەمادا بە کوردانی تاراوگە، پاش بە بەخێرهاتنی ئامادەبووان و کورتەی ناساندنی هەرچوار هونەرمەندەکە وپیشاندانی فیلمەکان، ڕۆمانووس و فلیسازی ناسراوی کورد مامۆستا (ئیبراهیم سەلمان)، وەک نوسەرێکی بێلایەن، کە چەندین ڕۆمان و بەرهەمی ئەدەبی و کاری سینەمایی، کە زۆربەی بە زمانی هۆڵەندی بڵاوکردۆتەوە، ئیدارەی دیدارەکەی بەڕێوە برد و لە لایەن هونەرمەند (دانا کەریم)ە ئاماژە بەوەدرا، لە کاتێکدا سینەماکارانی کورد ئەمڕۆ هەنگاوی باشیان ناوە لە بواری بەرهەمهێنانی کاری سینەماییدا، لە فیستڤاڵی دیکەی جیهانیدا فلمەکانیان، ساڵانە جگە لە شارەکانی کوردستان، لە زۆر وڵاتانی دنیاش کارەکانیان نمایشکراون. لە دیدارەکەدا جەختکرایەوە لەوەی چۆن ئەمڕۆ پێشمەرگە، گەریلا و شەرڤانان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کوردستان پێویستن...؟! بگرە هونەر و ئەدەب بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە جیهانی پێشکەوتوو گرنگیان زیاترە و ڕۆڵیان کەمتر نیە، لە پێشمەرگە لەبەرەوڕووبوونەوەی جەنگ دژی تیرۆر و تاریک پەرستی و فاشیزمدا، هونەری سینەماش پێشمەرگە ئاسا چۆن کیژان و کوڕانمان لە کۆبانی خۆڕاگر و کەرکوک و جەلەولای بە خوێن سوور و جزیرەو بۆتان و ئامەدی جەگ سووتاو و مەهابادی ڕۆڵە ملقرتێنراو، لە ڕووبەڕووبوونەوەدان و بەرەنگاری داگیرکەران دەبنەوە و گەلی کوردیان بە جیهان ناساندووە، خۆشبەختانە سینەماکارانمان، هەمان ڕێچکەیان گرتووە. سینەمای کوردی تا پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، تەنها ناوی یەڵماز گۆنایمان بە هۆی فلیمی (ڕێگا)ەوە بەرگوێ کەوتبوو، لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 ی باشوری کوردستان، ئەمڕۆ چەندین ناوی درەوشاوەی دیکەی سینەماکار، ئەستێرەی گەشی ئاسمانی هونەری کوردیان تەنیووە، یەکێ لەو ئەستێرە گەشانە، ئەمڕۆ کوردانی تاراوگەیان لە هۆڵەندا بەسەرکردۆتەوە، ئێمەش توانیمان بەدیداری شاد بین و توانی چوار کورتە فلمی هاوڕێکان و خۆی بکاتە دیاری و پێشکەشی جەماوەری تامەزرۆی خۆی بکات. لە کۆتایی پیشاندانی فلمەکەکاندا، مامۆستا ئیبراهیم سەلمان پرسێکی جدی دەربارەی سینەمای کوردی و هونەری سینەما وروژاند و چەندین تەوەری لەگەڵ دانا کەریمدا دەربارەی فیلمەکان باس کرد، جگە لە ڕەزامەندی تێکڕای ئامادەبووان و بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کرد و بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە دەربارەی شێوە و ناوەڕۆکی فیلمی هونەرمەندەکان دووان، خوازیاربوون ئەم جۆرە بەیەگەیشتنانە دووبار ببنەوە، چونکە کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە، هەمیشە پێویستیان بەم جۆرە دیدارە هونەری و ڕۆشنبیریانە هەیە، لە کۆتاییدا لە لایەن مامۆستا ئیبراهیم سەلمانەوە دیاریەکی تایبەتی "میدیـــا"، پێشکەش هونەرمەندی سینەماکار (دانا کەریم) کرا.

## کاتێك لە ئەڵمانیا تابلۆی هونەرمەندێکی کورد سانسۆر دەکرێت!






نزیکەی ٢٠ ساڵە عەلی زولفەقار، وەک هونەرمەندێکی داهێنەر و مرۆڤێکی قسەخۆش دەناسم. بەڵام ئەوە ماوەی هەفتەیەکە عەلی و یەکێک لە تابلۆکانی بابەتێکی گەرمی میدیاکانی ئەڵمانیان. هەفتەی ڕابردوو عەلی پێشانگایەکی لە شاری لینز کردەوە. یەکێک لە تابلۆکان ئەردۆگان پێشان دەدات، کە لە چاویلکەکەی چاویدا منداڵێکی چاو بەگریان وەک هێما بۆ شەڕ و وێنەی دەمیرتاش وەک هێما بۆ گرتووانی سیاسی دەبینرێت. تورکیا بە فەرمی داوای لە ئەڵمانیا کرد، ڕێ بە پێشاندانی ئەو تابلۆیە نەدرێت. پارێزگاری لینز ئەو داوایەی گەیاندە عەلی و ئەمیش وای بە باش زانی تابلۆکە هەڵبگێڕێتەوە و لەسەری بنووسێت: "لەلایەن شارەوانیی لینزەوە لە ترسی ئەردۆگان سانسۆر کراوە"!

میدیاکانی ئەڵمانیا لەم ڕووەوە ڕەخنەی توند ئاڕاستەی حکومەتی ئەڵمانیا و پارێزگاری لینز دەکەن و بە سازشکردن لەسەر ئازادیی هونەر لە ئەڵمانیا تاوانباریان دەکەن. سانسۆکردنی تابلۆکەی عەلی لە کاتێکدایە، کە هونەرمەندانی ئەڵمانیا لەسەر هەر سیاسییەکی وڵات کە مەبەستیان بێت، ڕۆژانە کاریکاتۆر و سکێچ بەرهەم دەهێنن. هەندێک ناوەند هۆکاری ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا دەگێڕنەوە بۆ ترس لە ئەردۆگان و هەندێک ناوەندی تریش پێیان وایە، حکومەتی ئەڵمانیا خوازیاری دروستکردنی کێشە و سەرئێشە نییە لەگەڵ تورکیای ئەردۆگاندا..

لە ئەکاونتی بەکر شوانی یەوە

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### کاروان حاجی کەریم

هونەرمەندی کاروان کەریم عەبدوڵڵا، لەگەڕەکی سەرشەقام، شیوی قازی لە خانەوادەیەکی ناسراو و شوڕشگێڕی شاری سلێمانی. لە ساڵی 1968 لەدایک بووە.

دەرچووی پەیمانگای تەکنیکییە، ساڵی 1985 لە بەندیخانەی ئەبوغریب لەگەڵ برایەکیدا گیراون، براکەی گولەباران کراوە و خۆیی حوکمی تا هەتایی بەسەردادراوە،خانەوادەکەی توشی گرتن و دەربەریی و ئاوارەیی بوون.

کاروان هەر لە منداڵییەوە بەهرەی وێنەکێشان و مۆسیقای تێدا بووە، ساڵی 1993 هاتۆتە هۆڵەندە و سەرەتا لە شاری ئەمستردام جێگیربووە، ئێستا لە شاری ستادسکەناڵ، لە باکوڕی هۆڵەندا دەژی و خاوەی گەلەری تایبەتی خۆیەتی. لە ساڵی 2003 ەوە ساڵانە بەشداری پێشەنگای هاوبەشی هونەرمەندانی لە شاری ئەمستردام و زۆربەی شارەکانی هۆڵەندا کردووە، لە مانگی نیسانی ساڵی 2017 لە پیشانگایەکی هاوبەشدا، لە گەلەری Fries Museum لەشاری لیواردن (سێهەم تابلۆی لەم لاپەڕەیەدا)، بە زۆرینەی دەنگی بینەران خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێناوە، لە نێوان 20 هونەرمەندی هۆڵەندی بەشداربووی پێشەنگاکەدا.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
http://www.karwanart.com/?fbclid=IwAR1ZEN4AUodhDFdFluZRVpHIhcLmNCYdo260OU0LjPZeZfGNdTj0XdpyWC8








## تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807